## گۆشەی هەرجارەی فەیلەسوفێک

## ( ٨ )

# ئیدوارد سەعید (١٩٤٧-٢٠٠٣)

## ناسراوترین رۆشنبیری فەلەستینی لەخۆرئاوا



ئیدوارد سەعید لەشاری (قودس) لەدایك بووە. سەرەتای منداڵی لە قودس و قاهیرە بەسەر بردووە. پاشان سەفەری ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكای كردووەو خوێندنی زانكۆ و ماستەرو دكتۆری لەوێ تەواو كردووە.

وەك پرۆفیسۆری **(ئەدەبی بەراوردكاری)** دەستی بە وانە وتنەوە كردووە لەزانكۆی **(كۆلۆمبیا)** و زۆربەی زانكۆكانی ئەمریكا و ئەوروپا، بەمەش وەك كەسایەتیەكی ئەكادیمی و رۆشنفكر ناسرا لە خۆرئاوا. بەتەنیشت سیاسەت و فكرەو ، ئیدوارد سەعید، خولیاو شەیدای مۆسیقا بوو، بەڵام ناوبراو وەك نوسەر زیاتر ناسراوە نەك میوزیسیان.

خاوەنی (٢٢) كتێبە كە بۆ سەر (٣٥) زمان وەرگێڕدراون. كاریگەرترین كتێبیان **"رۆژهەڵاتناسی"** بوو كە لە خۆرئاوا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەفراوانی دەنگی دایەوە:

لەكتێبی" رۆژهەڵاتناسی" دا ، ئیدوارد سەعید، نووسیویەتی:

**"سەرجەم ئەو لێكۆڵینەوانەی رۆژهەڵاتناسە خۆرئاواییەكان ئەنجامیانداوە لەسەر بنەمای ئیمپیریالیزم و راسیزم بنیاتنراوە".**

<u>ناوی هەندێك لە كتێبەكانی:</u>

١.رۆژهەڵاتناسی.

٢.كێشەی فەلەستینی.

٣.جیهان ، دەق ، رەخنە.

٤.كلتور و ئیمپریالیزم.

٥.لەپاش دواهەمین ئاسماندا.

ئامادەكردنی: شاسوار